# تاریکبوونی پیاو

حسێن ئەحمەد

تاریکم
وەك ئێوارەیەکی تەم گرتوی ژێرباران
وەك ڕاکشانی شەوەلیڵەکێنی دوای عەشق
وەك هەرشتێك کەڕوناکییەکی لەم شەبەقی مردنەیا بۆنادۆزرێتەوە
کەشەوقێکی لەم بزەساردانەی هەوادابۆدەست نیشان ناکرێت
تۆئەی نورێك کەهەمیشەلەناولەپی خوداکانا نوستویت
ئەی شەبەنگێك بەردەوام لەناودڵی ئەم ئاوێنە شکاوانەیا ئەبریسکێیتەوە
پێم بڵێ مەیلی کرینی ئەم ئەستێرە دڵشکاوانەی من ئەکەیت!؟
ئەخوازیت مانگت بەبزەیەکی ڕەش پێبفرۆشم لەنێو تەپوتۆزی جەنگە کانا؟
من ئومێدمەلەڕۆژگارەکانی تۆبچمەدەرێ
ئومێدمەلەوسپێدەشەفافانەت ڕاکەم کەوەك جەردەبۆتاراجکردنی دڵی من هاتووە
کەوەك عابیدێکی مەست بەدۆعا
گەرەکییەتی ئایەتی تارمییەکانم هەڵبگرێ و
لەبەرزترین ئاپارتومانی عەشقەوەهەڵیدات
لەبڵندترین تەلاری دونیاوە بیخاتەخوار
من دەخوازم لەوشەوانەت هەڵبێم کەڕێم نایەت ئولفەت بەغەمگینی مەوە بگرم
ئولفەت بەدوکەڵی ئەوجگەرەوەبگرم کەتەنهایم لەگەڵدابەش ئەکات
کەمردنم لەگەڵدا دەفرۆشێ وعەشق لەشێوەی سێوێکدائەخاتەزەمیلەکەمەوە
من چکارێکم بەشوعلەخەستەکانی ڕۆحت نییە
مادەم قەرارە تەنهابم مادەم قەرارەئاوازێکی دوورکەرتم کات لێم گەڕێ
من بەشی بەختیاری ناکەم
گوڵەکانت کۆکەرەوەودڵم بسپێرەبەباران
ڕەنگەکانت تۆخکەرەوەولەناوغوباراوێڵم کە
وێڵم کە تافرین وێڵم کەتاخەیاڵ وێڵم کە تالای یار
دەمێکەلەم جادەخواروخێچانەڕەت بوومووئەمەوێت لابەمەسەر مردن

ئەمەوێت وەك شۆفێرێکی ناغافڵ بەسەرمەراقدابڕۆم و
عەشق بکەم بەژێرەوە هەتاوبکەم بەژێرەوە خودابکەم بەژێرەوە
ژیان بکەم بەژێرەوە
ئەزانم من کوڕی مەینەتی ومناڵێك لەجنسی شەیتان
بەماچێك بەختەوەر نابم
بەنامەیەك دڵم نابرێتەناوباخچە
لێم گەڕێ بامانگ بخەمە خوارەوەو دڵی ئەستێرەبشکێنم
لێم گەڕێ بادڵم بکەم بەشانەوپرچی شەوی پێدابێنم
ئەوکاتەی تۆوەك تانجییەکی ڕوتەڵەبۆن بەکەلاکی خەیاڵە کە نمەوە ئەکەیت
لێم مەگرەمن وەك بەدتریت گوناهکارداولەچەکمەی باڵندەکانتەوەئەبەستم
دڵم لەشێوەی قولاپێکدا هەڵ ئەیەم بۆدەریاوگۆرانی ماسییەکان دێنمە دەرێ
بەناوسەحرادائەڕۆم وخۆم هەڵدەکێشم لەسەراب
لەناو وباخچەدائەگریم وگوڵەکان ئەدەمە دەستی با
وای چی قیامەتێکی بەدەکەمن گیرۆدەی پرشنگ نیم
کەمن عاشقی هەتاو نیم وهەمیشەبەشاباڵێکی ڕەشەوەلەسپێدەکانی تۆئەچمەدەرێ
لێم مەگرەئەی عاشق ئەی مەجن ونی نێوا ئەمرۆژە سپیانە
من وەك کوڕی زێوانەکان وەك پیاوێك هەمیشە شەڕبەئێوارەئەفرۆشێت
نامەوێت دەست لەتکەی ئەم دڵۆپە خوێنانە هەڵ بگرم
دەست لەخەمی ئەوکچە سەرخۆشە هەڵبگرم
بەدەم پێکەکەیەوەهاوار ئەکات عەشق بۆبەژێر هەرەسەکانی منەوە
ژیان لەناوسەوای ئەم بازرگانە پیرانەیافرۆشرا
وای هاوڕێم چی قەدەرێکی بێتامەکەهیچ شتێك نامان بەستێت بەیەکەوە
کە هیچ شتێك لەگەڵ ئەم ڕۆژگارە تالأنەدا کۆمان ناکاتەوە
ببینە چی مەحشەرێکەتێی کەوتوین
تۆ ئەتوانیت بەناوی خوداوەشەڕبەغەمگینیم بفرۆشیت
بەناوی ئەشقەوەبم خەیتەناوگۆمێك شەهوەت
بەلأم من تواناى هەڕاج کردنی هیچ ڕنگێکم نییە کەڕەنگە ئێوارەیەك
لەگەڵ خۆم ئاشنام کات
کەڕەنگەڕۆژگارێك بم باتەوەماڵەکەی خۆم

ئەوماڵەی دەهرێکەلەناو تەپوتۆزی خۆشەویستیا ون بووەو
ئەمێستاتەپیوەبەسەربەیانیا
تە  پیوەبەسرژیاناوعەشق چوەلەخۆڵەوە
تەپیوەبەسەرخەیاڵماوتۆزچۆتەچاوی شیعرەوە
بم بینە لایەزارلەپەیکەرتاشێکی ڕوت دەچم
لەپیاوێك ئەچم بەردەوام دۆعالەخۆی دەکات
لەڕوچییەکی پیر ئەکەم کەهەمیشە خۆی لەباڵندەکان دائەگرێ و
تەقەلەقەفەسەکان ئەکات
خۆی لەزیندەگی دائەگرێ وتیر ئەنێت بەدڵی خوداوە
ئاخردواجارمن لەناو موسیبەتەکانی ڕوناکیدا تیاچوم
من لەناوجەنگەڵێکداڕۆحم سپاردکەکۆترێکی تیانەبووتێر بفرێت
بای هاوڕێم تاشکستێکی دیکەبایی
تامردنێکی دیکە بای تاگەڕەلاوژەیەکی دیکە بای
من ئەڕۆم تائێوارەیەکی دیکە بای

15/2/2005